ئاپەینی ئەکتەبەر توانی ئاگڵەک لە هەڵسوانی ژنان دروست بکات و ئاسایەکی پرشنگداری بەووداکردنەوە، بەشداری ژنان لە خۆپیشاندانەکان و ئاپەینەکەدا زۆر بەرچاوبوو بەڵادەیەک کە لە مێژووی عێراقدا یەکەمجار بوو کە ئەپەوانی ژنانە لە پارێزگا جەراجێرەکانی عێراقدا سەر هەڵبدات بەتایبەت لەو پارێزگایانەدا کە ئەوت و هێزە ئایینی و عەشایریەیە کۆنەپەرستەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. بەم شێوەیە بەشداری ژنان ئەگەکی کاریگەری گەڵا لە پێشەوی ئاپەین و قوبونەوەی، ئەمەش مەترسی جددی لەسەر ژیانی ژنانی هەڕەسوراو دروستکرد، بەجۆرێک هەندێک لایەنی حکومەتی و هێزە میلیشیا سەرکوتگەرەکانیان هەڕەسان بە گرتن و فڕاندنی ژمارەیەکی زۆر لە بەغدا و پاکتاوکردن و تۆقاندنیان.
تووندوتیژی ئاراستەکراو لەدژی ژنان لە حاڵەتی زیادبوون دایە و هیچ گەڕانێک لە سیستەمی کۆنەپەرستی لە عێراقدا ڕووینەداوە. هیچ مافیکی ژنان چ لەسەر کار و چ لە نیو خەزان دا بەدەست نەهاتووە. بە نسبەت ژنان ئەو کارانەی لە نێو ماڵەوە ئەنجامی دەدەن، دەتوانین بە کەیلەی کار ناوببەرین، چونکە بە جۆرێک زۆربەی ژنان ناچارکراون ئەو کارە بەشیوەی ڕۆژانە بکەن هەر لەبەیانی یەوە تا ئێوارە کە بەردەوام لەژیر زەبری ئازاری جەستە و دەرونی دان بەهەی دەرهاویشتەی ئەم کارەوە کەلەبەرامبەریدا هیچ کرێ یەک وەرناگرن.
هیچ جۆرە چاکسازیەک لە هەلومەرجی ژنان لەعێراقدا سەرناگرێت و دەستاگەیستن بە ئازادی و یەکسانی بەبێ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە سیاسیە دواکەوتووە و دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لە شوێنیدا و هەنادی سۆشیالیزم..

پرسیار: لەژێر گوشاری جەماوەری ناڕازی و ئاپەی خۆپیشاندەرانی

گۆڕانکاری، چینی سیاسی دەسەڵاتدارلە عێراقدا بە قەیرانێکی قووڵدا بە دوبارە بیناکردنەوەی دەوڵەتدا تێدەپەڕێت. ئیسلامی سیاسی لەکاتی پەیدابوونیەوە لەنزمترین ئاستی نفوزی سیاسی لە نێو جەماوەردایە و لەنێو نەفرەت و بێزارییەکی گشتیدایە و لە پوکانەوەی بەردەوامدایە. بەشبەشنەبیی تائیفی و نەتەوەیی کە پێکهێنەر و شوناسی دەوڵەت بوو، لەگەڵ فەساد و گەندەڵیدا بە دواوە و کوشتار و وێران بوون و شکستی نوخبەی پێکەوە فرچەکیان گرت. پێش کارەسات ئەوان گرووپیان لەسەر کات دەکرد، کارەسات دەرفەتێکی بەنرخی بە سازدانەوەی هەیکەلیان پێدان، وەک دیاری ئاسمانی بیان و بەهێلدراوان دیانەوێت خیان لە شەوی دەوڵەتدا ڕێکبخەنەوە. بەبچووننی تێ چینی دەسەڵاتداری ئێستای عێراق، لەگەڵ و دوای کارەسات دەتوانیت جەماوەر لەئامانجی ڕوخاندنی سیستەمی سیاسی و تێکوپێکدانی بنچینەکانی کاری سیاسی (١٧) ساڵی ڕابردوو پاشکشە پێبکات و سەرکوت بکات و جەماوەر بە هەندێک چاکسازی ئابووری و سیاسی و خزمەتگوزاری ڕازی بکات؟ وە چ هەنگاوێک گرنگە بە ئەوەی ئەم سیناریۆیە پێش نەیەت و شکست بەرووپێش بەوات؟

ئێسیل ڕەمماح: بەڵێ، بەکردەوە قەیرانی پەتای کرۆنا کاتێک هات دەریچەیەکەکی ئومێدی کردەوە بە تاقمی دەسەڵاتدار و ژمێری سیاسی بەغدا کە لەسەر بنچینەی پشکپشکێنەی تائیفی و نەتەوەیی ڕاوەستاوە. پاش ئەوەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر گورزێکی کوشندەی وەشاندە ئەو پێکهاتەیە سیاسییەی کە لایەن ئەمریکاوە بەدەخرابوو بە ئەم تاقمەی کە پێکهاتووە لە حزبەکانی ئیسلامی سیاسی و هاوبەشکانیان لە ناسیونالیزمی کوردی و عەرەبی پێ ئەمریکی و هەر خەریکی تاڵانی سەروەتوسامان و کوشتاری جەماوەر بوون، وە پاش ئەوەی هەموو هەوڵە سیاسیەکانیان بە بونبەست گەیشت و قەیرانەکانیا قوول بوونەوە بەشێوەیەکی زۆر گەورە، وە دوای ئەوەی کە هەموو وەڕەقەکانی ئەم توژە لە دەستیاندا سوتان و بەتوانابوون لەسەر کوتی جەماوەر لەدەگای هێزە ئەمنیەکانیان و میلیشیاکانیانەوە، هاتنی کارەسات بوو بە نیعمەتێک بۆیان.
لەبەرامبەردا گەنیک کار و ئەرکی گەورە چاوەیی جەماوەری ڕاپەڕیوە کە پەهەسن لەپەناو سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەدا و هەڵەکانی پشوویان تێپەڕێنن و بەسەر کەموکوڕیەکانی ڕابردوویاندا زاڵبن کە گرنگترینیان، ئەویە کە جەماوەر بەو شێوەیە ڕێکخراو نیە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە ببیتەوە کە سەرکوتیان دەکات. سەرەڕای بانگەوازیش بە ڕێکخراو بوون لە ناوخۆی گەندپانکانەوە لە لایەن بەناوکراوەی (ژنانی ڕاپەڕین) و (دەنگی ڕاپەڕین) و ڕۆژنامەی

الغد الاشتراکی بۆ پێکهێنانی دامەزراندنی شورای جەماوەری شۆشگێڕ، بەڵام کاریگەری ئەم بانگەوازانە لە ئاستی داواکراودا نەبوون. ئەگەر ئەم شورایانە لەسەر ئاستی پارێزگا ئاپۆیوکاندا لە ناوەراست و خواروودا پێک بهاتبا، ئاپۆین بەم دوژمنە نەدەگەیشت. بەهەرحاڵ، دەرفەتی مێژوویی لەبەردەم جەماوەردا هەر لە ئارادایە چونکە قەیرانی دەسەڵات بەردەوامە و هێزانە قووڵتر دەبێتەوە. لەگەڵ دابەزینی نزخی نەوت و زیادبوونی ژمارەی بێکارکردنی کرێکاران و پەرەداربوونی قەیرانی ئابوری لەهەردوو ئاستی جیهان وعیراقیدا، کاتێک ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە نزیکتر دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر جەماوەر خۆیان ئامادە بکەن و دەستبەکار بن بۆ خۆڕکخراو کردن لە شورا شۆشگێڕیەکانیاندا لە سەر ئاستی پارێزگاکاندا، بۆتایبەت وا چاوەڕوان دەکرێت خۆپیشاندانی گەورە دەست پێبکرێتەوە لە دوای کۆتایهاتنی کارەنتینەکە. بەڵاستیش ئەمە ئەستا شایەدی هۆشیاری بونەوەیەکی زۆرتری جەماوەرین بۆ ئەزمون وەرگرتن بۆ درێژایی شۆشی مانگی ئاپرینەکە.

دژەباوەکان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا … خالید عەبدل

بەر لە گشت

سەرەتا بەر لە هەر وشەیەك بەکار بێنم دەڵێم : بەلای منەوە قسە کردن لەسەر شیعر کارێکی ئاسان نییە ،شیعر سرکە ، بە سانایي خۆی بەدەستەوە نادات ، زوو دەستەمۆ نابێت . پێویستی بەسەرنج و تێڕامانی وردەو پشوو درێژی دەوێت .بەجارێك و دوو جار خوێندنەوە ناگەیت بە ئاقاری مەبەست و ویستی شاعیر هەتا بە ناوەڕۆکی شیعرەکە بگەیت .

پێویستە باسێك و پێناسەیەکی (دژەباو) بکەین . هەموو قسەو هەڵسوکەوت و کردەوەو داب و نەریت و یاساو رێساگەلێك کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەبن و خەڵکەکە پەیڕەوی لێ بکەن ، ئەوانە شتە باوەکانن . هەرکەسێکیش دژی ئەوانە بێت ، پەیڕەویان نەکات ، ئەوا پێی دەگوترێت (دژە باو) …

بۆ دڕۆی بابەت کلیکی ئەرێبکەن .....

پاڵەوانسازی لە ڕۆمانی کوردیدا (باسکردنی دەم با) ی عەتای نەهایی وەک نموونە.... پێشرەو عەبدوڵا

دروستکردن و خوڵقاندنی پاڵەوان، کارەکتەر، بەتایبەت (پاڵەوانی سەرەکی -شاکەس) گرنگترین و سەرەکیترین خاڵە لە نووسینی ڕۆماندا، چونکە شاکەس هەر بەپرس نییە لە ئاستەکردنی ڕووداو و گێڕانەوەی گەلانەوە و یەکلایکردنەوەی ڕووداوە سەرەکیەکان، بەڵکو بەدیوێکی ناستوخۆ و ژێرەوانکەشدا، دەربڕی ڕوانین و جیهانبینی نووسەرە، واتە شاکەس، ئەو وێنە ئیدیایەیە، کە نووسەر بەشێکی زۆری بیر و دیدەکانی، لەوڕێ پێخش دەکات. جا نووسەر پێ بزانێ، یاخود نەزانێ، شاکەس دەربڕی ماکی بیرکردنەوەیەتی، چونکە قسەکردنی نووسەر لە ڕۆگەی کارەکتەرەکانیەوە، خۆن بینینی نووسەرە و خۆنیش هەمیشە ڕایەڵی بە نەست و جیهانی شاراوەوە گرێداوە، کەمتر لەگەڵ واقیع و شتە ئاشکراکان ماماڵەدەکات. لەڕاستیدا باسکردنی کەس و شاکەس و هەموو تەمەکانی پێویستە بەم باسەوە، قسەی زۆر هەن و کتێبی باشیش هەن، کە هەموومان دەتوانین وەدەستیانبخەین، ئەوەی من دەمەوێت لەی بدوێم، ئەوەیە، ئایا پاڵەوانەکانی نەو ڕۆمانی کوردی، چ جۆرە پاڵەوانێکن؟ ئایا پاڵەوان هەڵگری دید و فەلسەفەیەکی دیارکراوە؟ ئایا ڕۆمانی کوردی سەرکەوتوو بوە، لە وێناکردنی پاڵەوانێک، کە جیاوازبێ لەو ڕۆڵە گشتییەی پێناسەی بە شتەکان هەیە؟ ئەگەر پاڵەوان نمایندەی ئاستی تێگەیشتنی نووسەر بێت، تێگەیشتنی نووسەری ئەمە چ جۆرە تێگەیشتنێکە؟ تێگەیشتنێکی تایبەت و جیاواز لەو تێگەیشتنە گشتیەی بەتە ڕۆشنبیری گشتی؟ یان تێگەیشتنێکی قوە و خودان فەلسەفەیەکی دیارکراوە بە ژیان و

ماناکانی؟ ئەمانی باڵندەکانی دەم بای عەتای نەهایی، یەکێکە لەو ئەمانانەی لەم دەساتەی دوایدا دەنگدانەوەیەکی باشی بەدوای خۆیدا هێنا.
ئەگەر ئەم لەوانگەی پاڵەوانسازیەوە، لەم ئەمانە بەوانین و دیقەت لەوبەدەین کە کەسی پاڵەوان چۆن وێناکراوە، کە دواتر دەشبێتە ئەوەی لە خەیاڵدانی عەتادا، ئەشنبیر و مانای ئەشنبیر هەمان ئەو وێناکردنەیە کە پاڵەوانکانی لە خۆقاندوە، کەستی...میهرەبان... کە یەکێکە لە شاکەسەکانی ئەم ئەمانە، دوای ئەوەی حەزی دەچێتە کچێک، بەناوی ئەفسانە و دواتر تێکڵەی سیاسەت دەبێت و بەو هەیشەوە ناچارە وەڵات جێبهێڵێ، پاش زیاتر لە بیست ساڵ دەگەڕێتەوە، هەمان شاری خۆی و دەیەوێت، چیرۆکی یەکێک لە عاشقەکانی شارەکەی خۆی بنوسێتەوە، بە نەوی فەرهاد، کە ئەویش عاشقی کچێکە بەناوی کاڵا و ئەویش خوێندکارە و بەهۆی کاری سیاسییەوە بە قاچاغ دەڕێت، ئەگەر سەیری سیماکانی ئەشنبیر بکەین، لە دیدگای عەتاوە، دەبنین وێنەی ئەشنبیر لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەبێتەوە:
١. ئەشنبیر کەسێکە کتێب دەخوێنێتەوە.
٢. ئەشنبیر جارجار مۆسیقاش دەژەنێ وەک کەسایەتی ناسری.
٣. ئەشنبیر، خەریکی نیگار کێشانە،
٤. ئەشنبیر هەمیشە کاری سیاسی دەکات.
بەکورتی ئەشنبیر، یاخود باشترین و کامڵترین کەس، لە جیهانبینی عەتادا، ئەوەیە مرۆڤ عاشق بێت و بخوێنێتەوە و بنوسێت و خەریکی هونەرکان بێت،،، واتە تێگەیشتنی عەتا بە کەسی جیاواز و ئەشنبیر و کامڵ، ئەو وێنانەیە کە باسمانکرد. ئەم جۆرە تێگەیشتنە، تێگەیشتنێکی قوڵ و وردبینین و سەربەخۆبین، کە عەتا توانیبێتی خاوەن دیدێکی تایبەت بێت بە ژیان، یان سەر بە فەلسەفەیەکی جیاوازبێت، بە ژیان، بەیە پاڵەوانکانی، پێن لە بە هودەیی و نیگەرانی و شکست...بەجۆرێک میهرەبان، وەک کەسایەتی سەرکی ئەمانکە، بەهۆی ئەو سیفەتانەی هەیەتی و ئەشنبیربووە و لە هەندرانیش گەاوەتەوە، ئەمە وایکردووە کە کەسێکی کەمایەتی نەبێت و هەمیشە دورە پەرزبێت، لەهەموو ئەو حیکایەتانەی لەمانی باوکی و مانی مونیرەی خوشیکدا دەگوزەرێن، بەڵام نەشیتوانیوە بگاتە ئاستێک، ئەو سیستەمە کەمایەتیە، تێپەڕێنێت و سیستەمێکی تر بژیان بهێنێتە ئاراوە، بەیە هەمیشە کەسایەتییەکی خەمۆک و دەتوندی هەیە، چونکە بەڵاستی بە لانیەی، بە لانیەکەشی ئەوەیە، لە سیستەمە کەمایەتیەکە هاتۆتە دەر، بەڵام مانی تری نییە، بە ژیان.

کۆمەڵگەکەدا ناژیت، واتە هەموو خۆن و خیانەتی، مژدەی کتێب و سیاسەت و وێنەکێشانە، بەیە دواجاریش کاتێ بەجێدەهێڵت و سەری خۆی هەڵدەگرێت، تا کاتێ خۆی دەسوتێنێ. لەولاوە ناسری تار ژن، دوای لەدەستدانی ئەفسانەی ژنی، شت دەبێت، واتە هەموو شاکەسەکان، وێنەی کەسی تێشنبیر و کامڵن لە خیاڵی عەتادا، بەڵام چون عەتا هەشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی، وێنای سیستەمێکی تر بکات، کە هەمان ئەو سیستەمە نەبێت، دواجاریش ناتوانێ و ناشزانێت چی لە ئایندەی پاڕەوانەکانی بکات. ئەم پەودانگەی لەرە باسی دەکەم، دەتوانین بڵێین زۆری تێمانی کوردی پێ بخوێنینەوە. تێمانی کوردی تەنها توانیوێتی یاخی ببێت و نا بکات، لەو سیستەمەی پێی دەوترێ، بەڵام تێمانی کوردی خاڵیە لە فکر، خاڵیە لە وێناکردنی شاکەسێک کە خودان پێیامێکی کامڵ و تەواو بێت. شاکەس لە تێمانی کوردیدا، تەنها بەدیوێ یاخیبوونکەیدا جوان و پێ مانایە، بەڵام کاتێک داوای ژیان و ئاشتی لێبکەیت، دەستەو وەستانەو تەنانەت ناتوانێ کاباری هەڵە کۆمەاڵیەتییەکش بکات، چونکە یاخیبوونکەی، پەسەی پێبون و تێگەیشتن نییە، بەڵکو حاڵەتێکی سایکۆلۆژی وەسییە و هاوارێکە و بەس. بانگەکی جدی نییە بۆ ژیان.

تەنانەت پێگەی ژنی تێشنبیر لای عەتا، ژنێکە کە شیعر دەنوسێت و گوێ نادات ئەوەی عاشقە پیاوێکەی، بەتەمەنە و عاشق دەبێت. ئەویش لەبەر ئەوە نا، ئەو پیاوێکە جیاواز و پاڕەوانێکە، ئەتوانێ لەگەڵی بژی، بەڵکو بەتەنها لەبەر ئەوەی دەنووسێت و بەرهەمی هونەری هەیە. خۆ ئەگەر سەیری واقیعەکەش دەکەیت، هەمان یاری و وێنەمان دەتەوێ پێش. بەڵاستی تێمانی کوردی جگە لەوەی خاڵیە لە پەیام و دیدگا، بەدیوێکیشدا بۆ گەنجان و تازە لاوان، دەخۆشکەر نییە و زەرەری زیاترێ لێسود، چونکە لای کچان و ژنان، وێنەی پیاوی ئاستەقینە، ئەویە هونەرمەندبێت و لای پیاوانیش ئەگەر ویستیان جیاوز بن، دەبێت لانی کەم نووسەر و مۆسیقار و هونەرمەندبن. ئەمەش هەمووی وابەستەی ئەو دیدە کۆنسەرڤاتیڤەی عەتایە، بۆ چەمکی تێشنبیر و کامڵ بوون. ئەگەر ئەمە پەمان وابێت تەنها نووسەران و دکتەر و پسپۆڕ و هونەرمەندکان تێشنبیربن، ئەی چۆن داوای تێشنبیربوون لەخەڵکی سادە و کاسب بکەین؟ بۆچی لەمەیان بکەین، کەسی تێشنبیر کەسەکە، هەمیشە ئامادەیی ئەوەی تیایە بگۆڕێت و باشتر ببێت. ئامادەی ئەوەی تیایە بیرکردنەوە کۆنەکانی فەبدات و هەمیشە لەخەمی باش بووندا بێت. تێشنبیربوون، هیچ پەیوەندیەکی بە نووسین و بەوانامەو مۆسیقا و هونەرەوە نییە بۆ تەنها، تێشنبیربوون، بازنەیەکی فراوانە و هەموو کۆمەڵگەی تەدایە، نەک چەنەکی تایبەت.

ئەدەب وەك راوچییەکی شارەزا پێش فەلسەفە هەوڵی کەشفکردنی ڕۆحی سەردەمەکە دەدات و ئاشکرای دەکات و وێنای ڕاستەقینە دەخاتەوە، هەروەك چۆن سەرقانس پێش هەسرێ و هایدگەر گوزراشتی لە ڕۆحی ئەوروپی کردووە. #

پێشرەو عەبدوڵا

بڕوانە:

ميلان كونديرا، فن الرواية، مركز الثقافى العربي، الطبعة اولى، مغريب، 2017، ص 12

وردەکاریی ئەمانی خەیاڵی زانستی- بەشی چوارەم- ... د. گۆران سەباح

نووسینی ئەمانێکی باشی خەیاڵی زانستی (خۆز) پێویستی ئاسان نییە. نووسینی ژانری تری ئەمان جارێک ئێستەم، هیی خۆز دوو جار. وەای گرێ و کارەکتەر و نووسینی باش، کە توخمێیلی هەموو ئەمانێکی باشن، خۆز زیاتری گرەکە.
بیرەکە. جوانیی خۆز بیرەکەکەیەتی (ئیستیان، ٢٠٠٨). پێش نووسین هەندێ پرسیار لە خۆت بکە. پرسیاری سادە یان ئاڵۆز. چی دەبێت ئۆگەر زانست بتوانێت سەری مرۆڤێکی تازە مردوو لە مرۆڤێکی زیندوو بچێنێت؟ چی دەبێت ئۆگەر دەرمانی گەنجبووەوە دروست بکرێت؟ چی دەبێت ئۆگەر زەوی دوو سانتیمەتر لە خۆر نزیک بکەوێتەوە؟ سەتان پرسیاری تر. بۆ نموونە، (نێتوەرک ئیفێکت)ی وەڵز مارسا (٢٠٢٠) باس لە جیهانی ڕەبەتی بکوژ و مرۆڤ دەکات. چی دەبێت ئۆگەر ئەبەت وەک مرۆڤ هەست و جێندەری هەبێت؟ خۆزنووسی (ئێنیمی) کەی ئیسن دەڵێ بۆ پرسیاری نائاسایی دەست پێ بکە.
توخمی چیڕۆک. گرینگێ بیرەکەیەکی باشت هەبێ، بەڵام مەرج نییە چیڕۆکەکەت باش بێ (ڕیمەند، ٢٠١٠). پێچوانەکەشی ڕاستە. ڕەنگە چیڕۆکەکەت باش بێ، بەڵام بیرەکەکەت هەو نەبێ. بۆ نموونە،

(دواهەمین دابەزینی شەوی عیسا)ی شەرزاد حەسەن بیرەکە و چیڕۆکەکەش هەند سواوە تامی ئەدەب نادات.
سەبارەت بە چۆنی ڕوماندنی ئەم پرسیارانە لە خەت بکە: ژیانی پاڵەوان (پرۆتاگۆنیست) چۆن دەبە؟ گرفتەکان چی دەبن، کێشە و خەمی چی دەبن؟ گرێیەکە لە کوێ و چۆن دەست پێ دەکات؟ ئەی کۆتاییەکەی؟ لە دنیای خەز، دەبە توخمێلی گرفتەوەی چیڕۆک ڕوچاو بکەی، وەک کات و شوێن، کارەکتەر، گرێ، تەوانینی گرفتەوە، کەوانەی گرفتەوە و تاد.
کات و شوێن. دەبە شوێنەکە سەرنجڕاکێش بێت، نەک لە واقیع، لە نەو جیهانی چیڕۆکەکە (ئیستیان، ٢٠٠٨). با خەزەکەت لە گرفتکی عارەبان بێت، بەو زانست لەوە سەرتان چاک بکاتەوە و خەڵکی بە تاڵەپەرت بنەرێتە سەر مەریخ، سەرنجڕاکێشترین شوێن دەبە. یاسا و سیستمی شوێنەکە گرینگە. ئەگەر کات ڕابردوو بە، دەبە شارەزای ئەو سەردەمە بیت، لەی بکەوە و لەسەری بخوێنەوە. ئەگەر ئایندە بە دەبە بە پەی ئەو کات و ئەو سەردەم حسێبی هەموو شتێک بکەی. ناکرێ لە ٢٠٧٠ خەڵک هەشتا ئایفۆن بەکار بێنن.
کارەکتەر. بە نموونە: پاڵەوان و دوژمنەکەی (پرۆتاگۆنیست و ئەنتاگۆنیست). کەسایەتیی پاڵەوانەکە، سیفەت و ڕەفتار و شێوەی. کێشەکانی. چیڕۆکەکەت خەش دەبە ئەگەر پاڵەوانەکەت بە دار و بەردا بدەی، تووشی هەڵوەستی سەختی بکە، با ناخەشترین ئەزموون تاقی بکاتەوە. کاردانەوەی لە کاتی شکستدا چۆنە؟. چۆن بەسەر ململانێکانیدا زاڵ دەبە؟ بە هەمان شێوە، ئەنتاگۆنیست دەبە بەهێز بە و سەرئێشەی چاوەڕوانەکراو بە پاڵەوان دروست بکات (تەم، ٢٠٠٠). بە کورتی، نابە دەت بە کارەکتەر بسووتە و وەک بووکەشووشە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی.
گرێ. بە نموونە: گروپێک دەچنە مەریخ تا چەند سەگێک لەوێ بەخێو بکەن، گرێی ئەمە چۆن دەبە؟ بەو گروپەکە سواری کەپسوولێک بن و لەوێ دابەزن و دەست بکەن بە بەخێوکردنی سەگ، ئەوا هیچ گرێیەک لەوەدا نییە. گرێ دەبە تژی بە لە سەراوژێربوون، پێچ و پەنا و هەڵکشان و داکشان و گرفتانی لەناکاو. گرێیەکە لە ڕووداوی یەکەمەوە دەست پێ دەکات. هەرچی دوای ڕووداوی یەکەم ڕووداوەکان دەبە خزمەتی گرێیەکە بکات (کارل، ٢٠٠٠). گرێیەکە گەیشتنە بەوە و بەخێوکردنی سەگەکانە بە سەرکەوتوویی.
ململانێ. ئەو کێشانەن دێنە پێش گرێیەکە. کێشەی دیاریکردنی سەگەکان، کێشەی چوون، دابەزین، کێشوهەوای سەر مەریخ. کە ناڵێ سەگەکان لەوێ نابن بە دەندە؟ دەبە شتێکی لەو جۆرەش ڕوو بدات. من بم وای لە دەکەم: سەگەکان بەرگەی تیشکی خێری ئەوێ ناگرن، وردە

وردە کار لە مشکیان دکات دەبن بە دەندە. زاناکانی ئاوە هەمووی دەخەن، یەکیان نەبە. ئاو کەسەش خەی دشارەتەوە و پاوەندی بە سەر زەوی دکات و زاناکان پەی دەەن چ جارە درمانەک دروست بکات تا سەگکان لەناو ببات و بگەەتەوە. ئافرەتەک بە ئاو رەلە هەدەبژەرم، بەزار بووین بە دەست پاەوانی پیاوی سەر گورە گورەی ناشرین!

تەما. واتە چیەکەکەت لەبارەی چییە؟ راستە خەز لایەنی زانستی تەدایە، بەام دکرە لەتەک تەمای زانستی، تەمای مرییشی تەدا بە (برایەن، ۲۰۰۲). خەز واتە تاقیکردنەوەی مرۆڤ لە پشکەوتنی زانست و پشهاتی چاوەوانەکراودا (رەیمەند، ۲۰۱۰).

دروستکردنی جیهان. لەم لینکەدا سەیری باسی دووەم بکە، بە وردەکاریی جیهانی خەز گرینگە.

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=26430

کەوانەی گەانەوە. ئاویش چەند توخمەکی هەس: دسپەک، جیهانی پش ململانە. پەیدابوونی کشە، لووتکە (کلایماکس). دنیای پاش لووتکە. چارسەر/ ئەنجام، ئاویش کراوەیە یان داخراو (کارل، ۲۰۰۰). دسپەکی سەگکانی سەر مریخ دکرە ئامادەکاری بت، هەبژاردنی ستاف، سەگکان، دروستکردنی کشتیەکی تایبەت، مرجیش نییە زەر درژ بت. ستان دسپەکی تر هەن. لووتکە دکرە بەدەندبوونی سەگکان بە، یان کاتە ستافکە دەخەن.

دەنگ/تەوانینی گەانەوە (پەینت ئەف ڤیو): ئەم پرسیارە لە خت بکە. ئەم چیەکە هەیە کییە؟ کە دیگەەتەوە. دەبە لە سەرەتاوە بەیار بدەیت. کەسی یەکەم، کەسی دووەم، کەسی سێیەم. کەسی سێیەمیش دەبتە گشتگیر (ئەمنیسنت)، واتە حیکایەتخوان هەموو شتەک دەزانت، ئاوەکەی تر سنووردارە (لیمیتید)، واتە لە دیدی یەک کارەکتەر دنیا دتە بینین و گەانەوە (کارل، ۲۰۰۰). لە دنیای ئامانی پستمدەرندا گەانەوە بە دەنگی کەسی سێیەمی سنووردار باوە. دکرە ئاو ئافرەتەی دەمنەتەوە چیەکەکە بگەەتەوە، یان فرە دەنگ بە، چەند کارەکتەرەک بیگەانەوە، یان دکرە کەسی سێیەم بە. هەر دەنگەک بە، خەش بیگەەوە.

ستایل. وەک پەنجە مرە، ستایلی هیچ نووسەرەک بەوی تر ناچت. چەنتیی بەکارهەنانی سینتاکس، دەنگ، ئامرازی ئەدەبی (رەوانبژی) وەک خوازە و متافەر، هیومەر لە خەزنووسکەوە بە ئاوی تر جیاوازە (رەیمەند، ۲۰۱۰). چەنتیی داشتن، بەکارهەنانی وشە، دەمایلی رەزمانی وەک رابەردووی سادە و بەردەوام و تەواو و دوور، رانەبردووی سادە و بەردەوام و تەواو و تاد. ست کەس لە هەەکدا کە بکەوە، داوایان لە بکە باسی چالەنان بکەن. چایکە لە دەنەن،

بەرام گەرانەوەی هیچیان بەوی تر ناچێت. ئەو ستایلێ. چیەکی سەگەکانی سەر مەریخ بدە سێت ڕەمانووس، هەر یەکە بە شێوازێک دیگەتەوە.
ڕەمانی بەزارکەر زەرن، بەرام بە ڕەچاوکردن و پەاکتیزی ئەم وردەکاریانەی سەرەوە دەتوانی خەزکێت بەتام بکەی. لە دەرفەتێکدا، بە زنجیرە وتارێک باسی کەمی ڕەمانی بەزارکەرتان بە دەکەم. ئێستە ڕەمانێک دەخوێنمەوە، خەماڵیین و بە حسێبی نووسەرەکە شاکارە. هەتا پێنج بەشم لەی خوێندەوە دە جار وازم لەی هێناوە و لەی هەاتووم. سەردەمی مێتا مەدەرنە، بەسە ئیتر.

گەران سەباح دکتەرای لە بواری ڕەژنامەوانی و نووسیندا هەیە لە زانکەی کانزەس لە ئەمریکا. سە ڕەمانی (شاخوێنبەری سەرکردە، ترس و ڕق، دووی سوور) بە ئینگلیزی و کوردی چاپ کراوە. سکەلەرەی فوبەایتەر، هەگری خەاتی باب سیگمان و کادەر پیکەتی ئەمریکییە لە بواری ڕەژنامەوانی و نووسیندا.

-_____

سەرچاوەکان:

Brian Attebery. Decoding Gender in Science Fiction. New York: Routledge, 2002.

Carl Freedman. Critical Theory and Science Fiction. Wesleyan University Press, 2000.

Istvan Csicsery-Ronay, Jr. The Seven Beauties of Science Fiction. Wesleyan, 2008.

Raymond Williams. Tenses of Imagination: Raymond Williams on Science Fiction, Utopia and Dystopia. Ed. Andrew Milner. Frankfurt am Main, Oxford and Bern: Peter Lang, 2010.

Tom Moylan. Scraps of the Untainted Sky: Science Fiction, Utopia, Dystopia. Boulder and Oxford: Westview Press, 2000.

بەفرکی زەر.. لە پاشخانیی شیعردا کۆکە بوون نەجمەدین سادق

لەناو ئەمەی کوردا وشە هیچ بەهایەکی نەماوە، جونکە سیاسیەکان حەیایان نەماوە. رۆژانە هەزار رەخنەیان لیدەگیرێت مەش میوانیان نییە. رۆژانە خەڵك بە ناحەق دەکوژرێت کەس نایەتە دەنگ. ئیتر چۆن زەوق و سەلیقەی خوێندنەوە ئەدەبیان لە شوێنی خۆی دا دەمێنێت و خەڵکانێك تاقەتیان دەبێت وتوێژی بابەتی شیعری کوردی هەنووکەیی بکەن؟

من دەزانم ئەم نووسینە هەر سەریشەو کات کوشتنی خەڵکە. هەرچەندە تا ئێستا بە خزمەت شاعیری ناسراو ماردین ئیبراهیم نەگەیشتووم، بەڵام لە روانگەی نووسینەکانیەوە دەتوانم دووربەدوور وەك خوێندنەرێك بەیار بەسەر رەهەندە جەراوجۆرەکانیاندا بدەم، ئەمەش مافێکی رەوای خۆمە وەك چۆن مافێکی رەوای ئەویشە بڵێت دەنگ و سەرنجی خۆی لەمبارەدا دەربڕێت.

لێرەدا وەك موتابەعەرێکی شیعرەکانی ماردین ئیبراهیم سەرنجی دوا شیعری ئەو شاعیرەم دا بە ناونیشانی (بەفرێکی زەر لە ئیگزیتەر باریبوو) لە گۆڤاری رامانی ژمارە (٢٧٤) بەاویکردبووەوە، بەڵام دەمخواست نە بینووسیایە و نە بەاوی بکردایەتەوە، بۆچی؟ ئەویش لەبەر هەیەکی سادەو ئاسان کە هیچ لایەنێکی تازەی تیا نییە بە بەراورد بە شیعرەکانی تری و لەرشدا وتوێژی ئەم حەقیقەتە دەکەین. کەواتە وەك هەندەك ناڵەم ئەم شیعرەی ماردین کاریگەری شیعرەکەی دلاوەر قەرەداغی لەسەرە کە لە ژمارە ٥١ ی ١٤/١/٢٠٢٠ ی رۆژنامەی زەماندا بەاوی کردبووەوە لە ژێر ناونیشانی (بەفرە ئەبارە لە چیا) و تیایدا دەڵێت:

بەفر پرووشە دەکا لە چیا
دونیا دەکاتە ئەوارەی خۆی
وەك سەما بکا

بەڵکو ئەو پرسیارەم لەسەرەتادا لا دروست بوو کە بۆچی (ئیگزیتەر)؟ بەڵێ

ئیگزیتەر شارەکی مەژووییە و بە پێی نەخشە دەکەوێتە ناوچەی دیقەنی وەاتی ئینگلتەراوە، لە کاتێکدا سەدان ماڵباتی کۆبەران رۆژانە سەد جار دەمرن و دۆزیانەوە کە دوعا دەکەن لەسەر سنووریکان و لە

ناو بەفردا رۆشتبوو کانیان رەق نەبنەوە یان نەکوژرێت، ئەم خەمەکی رەسەنی هەڤقوڕاو لە ناوجەرگەی تراژیدیەکانی میللەتی کوردەوەیە، ئایا هەموو ناوەکی نامە بۆ خوێنەران دەبێتە هەی ئاوەی شیعر بایەخدار بکات؟ ئەمش رەنگە لە لاوازیی کۆسایەتی تاکی رۆژهەڵاتییەوە سەرچاوە بگرێت و کە هەموو هەزو پەزو پشکۆوتنێك لە رۆژئاوادا دەبینێتەوە خەی لەیاد دەکات.
دواتر گەر بینە سەر بابەتکی تکنیکی سەبارەت (بەفر لە ئیگزیتەر) لەناو ئەم شیعرەدا، دەبێت بپرسین ئایا ئاو گرنگی و بایەخەی هەیە (وەك بەهای شیعریی) کە نەك ببێتە ناونیشانی دەقەکەو بەس، بۆکو ١٠ جار لەم شیعرەدا بە شێوەیەکی مانادوکەر چەندپات بکرێتەوە بەم جۆرانە:
١- لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو
٢- کچەکەم دەیگوت بابە ئاگات لەیە بەفرەکی زەر
لە ئیگزیتەر باریوە؟
٣- بۆم من لەجیاتی هەمووان، ساۆکیان لە جیاتی هەمووان
لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو زەر گریام
٤- من ساۆکیان لە ئیگزیتەر کە بەفرەکی زەر باریبوو
بۆی گریام
٥- کچەکەم شاهیدە ئەو ساۆی لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر
باریبوو من گریام
٦- لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو
٧- کچەکەم دەیگوت بابە کە بروامان پە دەکات بۆین
ساۆکیان لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریوە؟
٨- ئەو ساۆی لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر باریبوو زەر گریام
٩- کچەکەم شاهیدە ساۆکیان لە ئیگزیتەر بەفرەکی زەر
باریبوو، بۆی گریام
١٠- لە خەونمدا زستان بوو؛ بەفرەکی زەر لە ئیگزیتەر
باریبوو کچەکەم دەیگوت بابە چاوت لەیە بەفرەکی زەر
لە ئیگزیتەر باریوە!
ئەم هەموو لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە گەر بینە سەر ناوۆکی ئەم شیعرە؛ ئەوا دەبینین لەسەر یەك خاڵ دەوەستێت و جەخت دەکاتەوە کە ئەویش ئەوەیە:(هەمووان لە یادیان کرد بۆم من لە بیرم نەچووەو)، ئەم لەکاتکدایە کە هەر زوو لە شیعرەکانی تری شاعیردا بەر ئەم واتایە دەکەوین و لامان نوێ نییە، بە نموونە شاعیر لە شیعری خەدیجەدا دەڵێت:
بۆم من لە ئەما ئەو ڕۆژانەی وەک سەگ لە چارە نووسی خەم
هەڵدەهاتم تەم لەیاد بوو

یان لە شیعری (نەینەوا) دا دوو بارە سەبارەت لە یادنەکردن دەڵێتەوە:
بەڵام ئەوەی قەت هەور نابەتەوە یادەوەریی تۆیە کە وەک ئەسپی چەمووش لەناو سەرماندا دەحیلێنێت
هەروەها خاڵێکی تری هاوبەش و دووبارەی شاعیر لەم شیعرەدا بە بڕوارد بە شیعرەکانی تری ئۆیە کە بە چەندان جۆر دەگەڵێتەوە و دووپاتی سەختییەکانی ژیانی رابردووی خۆی دەکاتەوە، بە نموونە لەم شیعرەدا دەنووسێت:
ترسی خنکان لە ناو بەلەمەکاندا
ترسی مەرگ لەسەر سنوورو لەناو
کەگەی مینەکانا بەس نەبوو؟
من بەراوردی ئەم خەمە تاکەکەسییە بچوکانە بە مەرگەساتە گەورەکانی مرۆڤکانی دەوربەرمان ناکەم، بەڵام ئەو جارێکی تر بە نموونە لە شیعری (خەدیجە)شدا دەڵێت:
یادگاریی ئەو ڕۆژانەیە کە بە خەمناکی لە کاسەوە سەیری دەڤەرمان دەکرد
لە پاتراوە سەرنجی ئەو کەشتییانەمان دەدا کە بە دەریادا دەیانفیشکاند و بەرەو ڤینیس دەڕۆیشتن
بەناو کەگەی پەتاتەدا دەڕۆیشتین و یادی شلەی پەتاتەی داپیرە دەیگریاندین
هەروەها خاڵێکی تر کە لەردا جێی باسە ئۆیە کە کەرەسە شیعرییەکانی بە گشتی زۆر نزیکن لەیەکەوە، بە بەکارهێنانی ڕووداوە میژوویی و ئاینییەکان (چ بەکارهێنانی ناوی پێشواکان یان جەنگەکان یان شوێنەکان بێت) وەک: ئەرشەلیم و کەعبە، مەدینە، کەربەلا، کەنعان ، یوسف و ئەندەلوس، یەزید، حوسێن، قابیل ، یەهودا …تاد، لە لایەکی تریشەوە خیتابی ڕاستەوخۆی دەق بە: یان کچە یان خوشك یان خەدیجە یان زۆڕیخا …کە لەڕشدا خوێنەری زیرەك هەست بە هەبژاردنی وردی شاعیر دەکات بە بەکارهێنانی ئەم ناوانە و کاریگەریی لەسەر سەزو هەستی خوێنەر، چونکە بە گشتی توخمی مەینە هەستەوەرترو ناسکترن و زیاتر جێی بەزەیین کاتێك وەکو کەرەستەیەکی شیعری سوودیان لە وەردەگیرێت، یاخود دووبارەکردنەوەی تیمای (جەنگ) و تێکەڵکردنی بەبارە سەزداریەکە لە زەربەی شیعرەکاندا دووبارە دەبنەوە، هەروەك لەشیعری (نەینەوا)شدا بەر ئەم هەقیقەتە دەکەوین و کتێبێکیشی هەر بەو ناوەوە (تە مەچە بە شەڕ) چاپکردووە، کەواتە لەرەوە دەکرێت بڵێین زەربەی شیعرەکان درێژکراوەی یەکدین، بەڵام ناشکرێت هەر لەسەر ئەو شێوازە هەموو شیعرەکان بهێنرێنەوە، هیوادارم ئەم قسانە دەی شاعیر زویر نەکات تا بە جارێك هەر سەر

بکاتە ڕەمان و شیعر فەرامۆش بکات، بەڵام ئەم ڕەخنانە بنیاتنەر دەبن گەر بە دەکی فراوانەوە وەربگیرێن و بخوێنرێنەوە، چونکە لەماندا خەڵك تاقەتی خوێندنەوەشی نەماوە، چونکە هەموو شتەکان بە بەها کراون و حەزی ژیان و داهێنان و بنیاتنان لای خەلکەکان یان مردووە یان کوژراوە.
ئەوەی جێی گوتنە دابەزینی ئاستی شاعیرە بە پێی هەی زەمانی نووسینی شیعرەکان، بەوەی یان زیاتر دووبارەکردنەوەی بابەتەکانی پێشوو و دنیابینی و زاراوەکانە بە جۆری هاوشێوە، یان نووسینەوەی هەمان هەست و سۆزی ڕابردووە لە شیعرەکی نوێدا بە هەمان فۆرمی پێشوو، لەم حاڵەتشدا شاعیر ناتوانێت جیاوازبوونێك بخولقێنێت و ئەو سنوورە ببەزێنێت کە کەتی ئێندێشەو ئەفراندنەکانی تێیدا قەتیس ماوە، یاخود بە بارەکی تردا ئەوە هەر قەناغێکی دیاریکراو بوو کە مەرگەساتەکان شیعری جوان و نوێیان بە شاعیر نووسی و ئەو زەمانە لەگەڵ پیس بوونی ڕووی ژیاندا تێپەڕی و گەڵانەوەی ئەستەم، یاخود کاریگەریی پاڵەتیک و کێشەکانی ڕۆژن ئەو تەمەیان خستووەتە سەر مەرگی هەڵقوڵینی کانیاوی بەهرە تازەوبووەکانی شاعیر! پرسیاری تریش زەر هەن بەڵام ئەوە بە تەنیا هەر شاعیرە بە شیعرەکانی دەتوانێت هەموو ئەو ئۆگرانە بەوێنەتەوەو حەقیقەتی گومانەکان پوچەڵ بکاتەوە، ئۆگرنا ئەوا ئەمە بە وەڵام دێش دادەمێنین!

لە یادی 30 ساڵەی شەهیدکردنی شیوعییەکی قارەماندا … ئەحمەد ڕەجەب

{ هەموو ساڵێك لە 24 ی حوزەیران یادی لە سەدارەدانی شیوعییەکی قارەمان و چاو نەترس و فەرماندەیەکی لێهاتووی بە توانای پێشمەرگە ئەکەینەوە}.
لە گەڵ دامەزراندی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی 1934 شیوعییەکان لە پێناو ئازادی و سەربەستی وڵات و چاککردنی باری کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکی هەژارو چەوساوەو زەحمەتکێش تێکۆشاون و دووچاری ڕاونان و گرتن وتێهەڵدان وئەشکەنجەو ئازارو کوشتن و زیندانیکردن

بوونەتەوەو لە رێی ئەو تێکۆشانەدا لە پێناو{ نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار} خوێنکی زۆریان بەخشیوەو یەکێك لەو شیوعییانە تێکۆشەری سەرکردەو فەرماندەی پێشمەرگە رەووف حاجی محەمەد گوڵانییە.
لە ناو خێزانێکی جوتیاری هەژاردا لە دێی گوڵانی حاجی کاکەوڵا منااڵێکی بزیێی چاوەگەش { رەووف } لە ساڵی 1953 دا چاوی بە ژیان هەڵهێنا و، هەر لە منااڵییەوە بەهۆی هاتووچۆی هاوڕیانی بەرپرس و کادیرەکان و ئەوانەی لە بەر شاخاو داپڵۆسینی رژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرییەکان هەڵاتبوون وەك هاوڕیان ئەحمەد دێزاری شاعیری ناسراوی گەلەکەمان و عەبدوڵای مەلا فەرج (مەلا عەلی) و فارس رەحیم (دکتۆر فارس) و ژمارەیەکی تر، دێی گوڵانی حاجی کاکەوڵا بوو بە لانکەی شۆرشگێران و ماڵەکەی حاجی محەمەد گوڵانی بوو بە جێی حەشاردان و حەوانەوەیان و لە ناو ئەو خێزانەدا رەووف پەروەردە ئەبێت وگوێی لە وشەی شیوعی و شیوعییەت و شیوعییەکانەو، لە دێی بانیخێلان خراوەتە بەر خوێندن و، لە پاش سەرەتایی چووەتە ناوەندی دەربەندیخان و ، بە هۆی بارودۆخی سیاسی و پەیوەندی کردن بە رێزەکانی حزبی شیوعی دەستی لە خوێندن هەڵگردو، خۆی بە تەواوەتی وەك کادرێکی کارامە تەرخانکرد بۆ کارو راپەراندنی ئەرکەکانی حزب.
رەوف لە بارودۆخی گرتن وکوشتن وشەری حکومەتە خوێنڕێژەکان نمووونەی ئازایەتی وخۆراگری قارەمانانە بوو، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ئەندامی حزب و، هەر بەو شێوەیە بوو بە ئەندامی لێژنەی جوتیاران و، ئەم لێژنەیە کاروباری بەشێك لە شارەزورو دەهاتی قەرەداغ و وارماوەو دەربەندیخانی بەرێوە ئەبرد
لە پاش بەیانی 11 ی ئازاری مێژوویی ساڵی 1970 هاوڕێ رەوف بە گوروتێنێکی گەرم و ئازایانەو دوور لە ماندوو بوون پەرەی بە خەبات و تێکۆشانداو، حزب بۆ فراوبوون و زیادکردنی زانیاری فیکری و رێکخراوەیی ناردیە بەغداو ، لەوێ لە بارەگای ناوەندی حزبی شیوعی عێراق چووە خولی راهێنان لە چەندین کۆرس بەشداری کرد و، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی محەلی پارێزگاری سلێمانی و بەرپرسی رێکخراوی حزب لە قەزای دەربەندیخان.
رەوف لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە کادرێکی لێهاتوو بە تواناو زێر چالاك بوو، جێی سەرسورمانی هاوڕیانی بوو لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانی و ، هەر بۆیەو لە تەمەنێکی کورتدا توانی متمانەی حزب و جەماوەر وەدەستبهێنێت و، بە هۆی تواناو لێهاتووی و ئازایەتیدا لە تەمەنی لاویدا ببێت بە ئەندامی رێکخراوی هەرێمی کوردستانی تێکۆشەر.
بەهۆی، لە تافی لاویدا لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە پێناو گەل و

نیشتمان هاوڕێ هەووف رووی کردە حزبی شیوعی عێراق و بوو بە ئەندام و، دەستیکرد بە خەبات و تێکۆشانی بۆچان ، مرۆڤێکی دڵسوزو ئازاو نەترس دوژمن بەزین و خاوەن تواناو سیفاتێکی جوامێرانەو کەسایەتییەکی کەمەایەتی ڕێزدارو خۆشەویست و خانەویست بوو، دەستپاك و جێی متمانەو، خاوەن موراڵێکی بی وێنەو تیکۆشەرێکی بێ هاوتاو ڕەهەیەکی بە ئەمەکی گەل بوو شەوو ڕۆژ بەوپەری توانایەوەو، لە پێناو بتەوکردنی ریزەکانی ڕێکخراوەکانی حزب کاری ئەکرد.
لە 5/10/1972 لە گەڵ قەدریە خان کچی هاوڕێی شیوعی ناسراوو کرێکاری بەندەری دەربەندیخانی خۆشەویست عوسمان هەوڵێری هاوسەرگیری کردو، هەر زوو لە ڕێگای تێکۆشانی پیرۆزدا خۆ و هاوسەرە تێکۆشەرەکەی هاوڕێ { قەدریە عوسمان} دووچاری ڕاونان و ئازارو ئەشکەنجەو بوونەوەو، خۆڕاگرانە و سەربەرزانەو لە خۆشەویستی گەل و نیشتمان و حزب و هاوڕیاندا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری خوێنڕژی سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبیدا.
لە ساڵی 1978 ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسەین دەستیکرد بە شاڵاوێکی چەپەڵ دژ بە حزبی شیوعی عێراق و هەزاران شیوعی گیران و بە دەستی جەللادەکانی ڕژێمی خوێنڕژ شەهید کران و، بە مەبەستی کرتنی هاوری ڕەووف ڕژێمی بەعس چەند جار هەوێیداو سەرکەوتوو نەبوو، هاوڕێ بێ خۆشاردنەوە ناچار کرا ڕوو لەێ ناوچەی قەرەداغ بکات و، لەوێشەوە لە گەڵ ژمارەیەك هاوری چوون بێ هەورامان بنکەی پێشمەرگایەتی حزبیان لە ناوچەی {بەلەبزان} دامەزراندو، بە هۆی ئەوەی هاوڕێ ڕەووف یەکێك بوو لە بەرپرسەکانی حزب ڕوو بەڕووی زۆر ناخۆشی و مەینەت و هیلاکی بووەو، ڕۆژانە ژمارەی پێشمەرگە لە هەڵکشان بوو، بێ دڵزینەوەی ڕێگاوبان بێ ئازوقەو خواردن و چەك و تەقەمەنی و تفاقی پێشمەرگایەتی شەوو ڕۆژ لە گەڵ هاوریاندا بێ چارەسەری ئەگەران.
هاوڕێ ڕەووف وەك پێشمەرگەیەکی دڵڕو چالاك لە ئەنجامدانی کاروبارو ئەرکی ڕۆژانەی مرۆڤێکی جوامیرو هێمن و لە سەرخۆ بوو، لە لایەن دەست و پێشمەرگەو سەرجەم هاوریان و کەسوکاری جێی ڕێزو خۆشەویستی بوو، هەموو کات دەم بە پێکەنین و قسە خۆش دەستپاك و دڵپاك و ڕاستگۆ، بە درێژایی تەمەنی ژیانی مەردانە و خاوەن هەڵوێست و، لە بەرەی پێشکەوتووخوازو ئازادیخوازان و گەل بوو، بە سەربەزی ژیاو چاونەترسانە هەڵسوکەوتی کرد.
لە پاش بریندارکردنی لە ساڵی 1983 و بە مەبەستی تیمارکردن و خوێندن حزب ناردیە مۆسکۆ لە یەکێتی شۆرەوی جاران و، لە گەڕانەوەیدا حزب ناردیە کۆماری یەمەنی دیموکراتی بێ بەرزکردنەوەی

زانیاری عەسکەری و، کە گەرایەوە کوردستان بوو بە بەرپرسی عەسکەری مەبەندی سلێمانی و کەرکوك – حزبی شیوعی عێراق.
ساڵی 1987 بە هاوکاری هاوڕیان و بەرپرسانی حزبە کوردستانییەکانی تر نەخشەیان بۆ لێدانی دوژمنی دیکتاتۆری و ئازادکردنی قەرداغ داناو، سەرکەوتووانە گەیشتن بە ئەنجام و دوژمنیان لە ناوچەی قەرەداغ قاوداو، حزب بە بێ زیان دەسکەوتێکی باشی دەستکەوت و، هەر لە پاش ئەو سەرکەوتنە هاوڕێ بە یارمەتیدانی هاوڕییاتی تر نەخشیان بۆ کرتنی شارچکەی نەوجول دارشت و، هیزەکانی حزب بە تەنها توانیان لە ماوەیەکی کورتداو بە بێ زیان دەست بە سەر شارچکەکە بگرن، لە گەڵ دەستکەوتێکی گەورە لە ئۆتۆمبیل و دێشکاو و هاوەن و ئار بی جی و چەکی سووك و کەرەسەی پەیوەندی و جیهازی راکاڵ و.
لە دوای پرسەی ئەنفالی چەپەڵ و، لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی حزب و حزبەکانی تر لە ناوچەی قەرەداغ هاوڕێ جەوهەر نەیویست ناوچەکە چۆڵ بکات و، سوور بوو لە سەر مانەوەو، لە پاش ڕەزامەندی حزب لە گەڵ پێلێك لە پێشمەرگە ئازاکانی حزب مایەوە و، لە کاتی چوونی بۆ ناو (مجمع) ی نەسر لە نێوان زەرایەن و عەربەت و، بە چاوساغی چەکاوخێرێکی سەر بە رژێمی بەعسی جانەوەر، هێزە تایبەتییەکانی رژێم هێرش ئەکەنە سەر شوێنی هاوڕێ جەوهەری کێنەدەرو، دوژمن هەموو جۆرە چەکێکی نوێ و مۆدیرن بەکار ئەهێنی و، ، لە پاش شەرێکی درندانە لە ڕۆژی 10/9/ 1989 ئەیگرن و ڕەوانەی گرتووخانەکانی کەرکوك و بەغدای ئەکەن و، زۆر درندانە ئازاری ئەدەن و هاوڕێی نەمر هیچ شتێك نادات بەدەستەوە وەك ماڵی حزبی و شوێنی هاوڕییان وپێشمەرگەی ناو شارەکان و نهێنییەکانی ترو، بەو هەواڵستە پر لە جوامیری و مەردانەیە زیاتر ڕووی دوژمن و چەکاوخێرانی ڕەش کردو، دوژمن هیچی بۆ نەمایەوە جگە لە گرتنەبەری کارێکی دڕوقیزەوەن و نامرۆڤانە و لە ڕۆژی 24/6/1990 هاوڕێی قارەمانیان لە سەداردا.
لە پێناو خاك و نیشتمان وحزب هەموو ژیانی خۆی وخێزانەکەی کردە قوربانی بۆ خۆش گووزەرانی هەژاران و چەوساوەکان و، لە پاش کۆچی هاوڕێ جەوهەر خێزانە تەکۆشەرەکەی { قەدریە عوسمان هەولێری هاوسەری و دو کچەکەی : ڕۆژان و سازان و دوو کورەکەی – گۆران و ئاواره } بەجێماون.
بەڕێ ئەی هاوڕێی سەرکردە { ڕەووف حاجی محەمەد گوڵانی – جەوهەر }، ئەی مامۆستای لێهاتوو، ئەی پێشمەرگەی چاونەترس، ئەی بەرپەرسی خۆنەویست، ئەی هاوڕێی ڕۆژانی سەخت و دژوار، ئەی شەهیدی نەمر گیانتان و ماڵ و سامانتان لە پێناو گەل و نیشتمان و حزب و شیوعییەت بەخت کرد، ئەی شەهیدی نەمر ئێوە بوون بە چرا بۆ هەموو شیوعییەکان و دۆستانیان بۆ ئەوەی لە سەر ڕێبازە پیرۆزەکەتان بڕۆن

لە پێناو: نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار.

22/6/2020

..

تۆزقاڵێک لە جوانی کێنار…
شیعر: کاوە عوسمان عومە ر

ئەو چاوانەی مانگیان تیا ووبوو
فریشتەیەک لەشیعرێکە وەک دروستبوو
جەستەیەک بوو پەروانە
هەستەیەک لە تەرتیلەکانی نەفرەت
لەسەر لەپی شەوێک
نەبارانی لەبەرا بوو، نە چارەیەکیشی
بە ڕەحپژانی ئەو تارماییە مەستانە کرد
لە قاپایەک لە ئازاری زومردی دەریا
تا سپەدەیەکی تر،
بە مشتە لە ژوان توانەوە
بەڵام خۆ مانگێک لەبەردەما بێت گریا
تە هەر بە دڵپژانی خەتەوە
ڕۆژە زومردیەکانمت گوڕچنین کرد
کە ویستم بتبینمەوە
گفتو گۆی باران و ووشە بوو
ڕۆگی دارەکان لە ڕەحی منایە
بەیە بە بەینی هەر پەلەک
لە دارستانی سپی تەنیایی تە
دەشم خورپەیەتی
وەک خەکووشتنی بایەک
بە پەنجەرە شەرەنگەزەکەی سەفەرمان
شەقامیش چۆڵ بن
هەر تەنیایی قیبلەنمامە

پیاوێک لە ئاسن
ژنێک لە بەرد
شاخێک لە ئاو
ئاسۆیەکیش پێشگۆیشتنی ئەو کەشتیەی
لە ڕۆژگ و لم و نیشتمان پڕکرابوو.

مانیفێستی عەشق.. بەشی هەشتەم... تێکست: ستیڤان شەمزینی

چی لەوە خۆشترە شەرابی ئەوینت
تک تک بەژنتە گەرووی تینووی منەوە؟

هەر کاتێک بەیار ئەدیت بەی و نەیەتەوە
چاوەڕوانم لە هەموو کات زووتر بێیتەوە

پێم بڵی چ جادوویەک لە دەنگی تەدایە؟
بە یەک وشە لەگەڵ خەم ئاشتم ئەکەیتەوە

لە کەنارەکی پێ لە ئاگری دەزێخدا بووم
ئەو کاتەی تاقگەی ئەوینت بەسەرمدا ڕژا

لە واقیع و خەیاڵەکانمدا هەر تۆ هەیت
پێم بڵێ کوێ هەیە خاڵی بێت لە تۆ؟

هەر هەموو پێکەنینەکانی من

بەستراوەتە بە یەک تاکە بزەی تەوە

پرشنگی روونی خەت دەربخە
شەبەقەک بخەرە ناو تەمومژی رەحمەوە

ئیشی من هەمژینی بەنی عەترەکەت و
راموسانی پەیکەری بەژن و باڵاتە

هەموو رۆژێک چاوەڕوانی نامەیەکی تەم
تەیدا نوسرابێت چاوەڕێم مەکە، دەمکە هاتووم

بە دوای ئەودا وەڕم
شوێنی تە، بە هەمیشە، دڵی من بێت

لە هەموو وەستگەکان چاو دەگەڕێم
بەکو بریسکەی جوانیت روونا‌کم بکاتەوە

نەرم نەرم بەنی هەناسەکانت بکە
بزانە بەنی شیعری منیان لە نایە؟

لە خوێنکی زەدە خەش دەچیت
کە هەموو شەوێک لە چاوەڕوانیتام

بەیارتداوە بە بەیاخی ئەوین رەنگم بکەی
بەیە خەم ئامادە کردووە ببمە پەلکەزێرینە

بە یەک وشەی تۆ، زریان و گەژەووکەی رۆح و
بارانی بەڵەزمە و خۆی چاوەکانم دەوەستن

ستەکهەم – سەلنا

وێنەوشە ... پشکۆ ناکام

..... کاتێک رژێم و دەستەاتە دیکتاتۆرەکان زیاتر و زیاتر بە جومگەکانی کەمەگایە یەنە خوارە ، مەترسییەکانی بووونی دەوڵەت و دامەزراوەکانی وەک بەشێک لە حیزب زیاتر ئەبە و وەک ئەوەی ئەمەی هەرەم شتێک نابینرای و هەستی پێ ناکرێ بە ناوی سیستەم ، سیستەم و ژێرخانێ یاساییەکان واتا حیزب حیزبیش واتا چەن کەسێک ، دەسەاتی بنەماڵە لە رژێمەکەی ئەمەی هەولەر کە لەژێر رکەفی بنەماڵەوە بەرەوە ئەبرەت بووە بە دەوڵەت ، ئەوەی بنەماڵە ئەیەوەت لە هەی حزبەوە جەبەجەی ئەکات و دووڵەت وەک دامەزراوە و یاسا و هێز وا لەناو لەپی دەستی نوێنەرەکی بنەماڵە و لە سەرووی هەرەمی رژێمەکە دانیشتوە و تەش بەخەت هەر هاوارکێ تا تووشی ئیلتیهابی حونجەرێ ئەبی کەس ئاوەکی خەرت لە نایاتەوە ، ئەو کەس و خەڵکانەش کە بەناوی وەزیر و مەزیر ی بەناو حکومتەوە هەر چاوەی ئافرینی حیزبن ئەبن بە بەشێک لەو دەستەاتەی یان ئەو حیزب و بنەماڵەیەی جەگەی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی گرتەتەوە و هەموو فەرمان و یاساێکی حیزب(بە فزە گرتن) جەبەجێ ئەکەن جا ئیتر لە بەرژەوەنی خەڵکێ یان نا جا بە جەهەنەم گرنگ ئەویە ئەم جەبەجەکارە بە ئەوەی بەی هەبە بەڵەبەڵەك بکا یان خوانەکردە یەکسەر جەبەجێ نەکرێت ئەو کاتە بە تاوانی لایان لە رەباز وبە وەفایی بە خوێنی شەهیدان وا وێلا بە حاڵەت ،
ئەم راستیەمان بە روونی لەم کاتەی کەرنایە بە دەرئەکەوێت چەن بەختەوەری بەناو سەرکی حکومەت ئەو مەسەلەیەی قەستەتەوە بە مەبەستی سیاسی حیزبی و بنەماڵەیی و وزیر و پارێزگار و فەرمانبەرە ملکەچە نەفامەکان بە نوقتە و سەری دەوڵەوە جەبەجەی ئەکەن و ئەوان

مەمنوون !! بەیانی بەناو سەرکی حکومەت بە وەزیری تەندروستی کە کادری حیزبەکەی خۆیەتی بەڵێ تەسریح بە کە ئێگەر پارتی بیت کەرنا کەمتر کارت لێئەکا !!، جونکە جەنابی وەزیر دووڕوو و پیشەکەی خۆی لە حیزبا ئەبینە نەک وەزارەت و خزمەتی خەڵک ، بە سەو دوو کردن ئاوی بەناو سەرکی حکومەت ویستی لەبەر دەم دە پانزە ماکرۆفۆنا وەک تووتی ئەیڵێتەوە ، ئاخر ئاو هەموو یاری کردنە بە ئەعساب و دەروونی خەڵک بە ؟گەر حسابا تێکی حیزبی وبنەماڵەیی لە پشتەوە نەبە !! هەر داوای موچە بکە بە تاڵەفۆنکی بەناو سەرۆکی حکومەت وەزیری تەندروستی یەکسەر لەسەر شاشەکان ئەڵێ بەپاڵە بچنە ماڵەوە ئاگادارین فەوجێک کەرنا بەرەوێە بەرەو هەرەم بەتایبەتی سلەمانی و لەبەر خاتری ئاوە هات و چە قەدەغە ئەکەین و وەزیری خستنەئاولاوی موچەش ئەڵێ ؛ خەریک بوو موچە بین بەنام بە ئاوی نەکەوتە دەست کەرناوە ئامان گرتووە !!پاڵەتان چیە موچەکانتان لە شونکی ئەمینە(وەک ئەمانەتی بیست و حەوت ملیاردەکە) با کەرنا تەواو بە وەریئەگرن...

جا بێە مەترسییەکی گەورێە کە دەوڵەت ببە بە بەشک لەدامەزراوکانی حیزب و کادیرە بچووک و مەشک ئەکسپایەرکان بەرنامەی حزب لە وەزارەتکانیان بەڕێوەبەرن ، کاتێک حیزب بەناوی دەوڵەتەوە لەبەرژەونی خۆیان و بنەماڵە ئەبن بە سەرچاوەی یاسا ئیتر دەست لەو کەمەگایە بشە کە خەڵر لە خۆی ببینە تا ئاو حیزب و بنەماڵەیە دەسەاتدار بن ، گەر خەشبەختانە نەمان ئاوە قسە و باسکی تری لە ئەکەین...واریدە وەزیر ئاقڵی بە دونیا نەشکە ، یان لەئاستی مەسئولییەتا نەبە یان تامەزرۆی پارە بە ، بەڵام کاتێ وەزیرێک کە نوێنەرایەتی یاسا و دەوڵەت ئەکا بە پەرژەونی گشتی ئەبە بە سەنگری سەرکی بەناو حکومەتەکە کە بەتاوانی دزینی قووتی خەڵک هیچ شەرعییەتێکی یاسایی لە مانەوەی لە حوکما نامێنە ،موسیبەتەکە لەوەو دەست پێ ئەکا کە هەرچی ئیعتبارێکی ویژدانی و یاسایی وئەخلاق ئینسانی و نیشتمانی هەیە لەبەر خاتری مانەوەی وەک وەزیر ، هەمووی ئەخاتە سنوقی وەنەوشکەیەوە.....

قەندیل سەنگەری ئاڕاووە ستار...
ئەحمەد

لەچوار تەرمی تەنی سستما
هەبەی بزاڤیان هەواسی
دەم قورس و
مەشکم تەپیوو
دەستی راستم
پەنجەی چەپمی نەدەناسی
لەم کەینوونەی کورد خنکانا
لەم شاگەشکەی
نەوەی تورك و ئەردەغانا
بەنەمانی
پارچەکانی دیکەی لەشم
ئامەدیان خستە تەنەوە
.رەگەی ئاگریان پەکهەنا
قەندیلیان پە کرد لەبەمب و
سلیمانی بەکیژی دهەك نامە بوو
کەرکوك بووە شانەی گورگ و
شەخان بەر ورژمی گە کەوت
داعش هات و
لەسەر دەی سنجار لەی خەوت
گلەنەی دیاربەکرو
ئامەدو عەنتابیان برژان
هەر چەن بەرکەوتن نامەی
لەزانی شوم
کوردستانیان
چوار پارچەکرد
ئەستاش ئارەزوویان وایە
باکورو باشوور لەك وەردەن
رەژهەەات و رەژئاوا
لەك بترازەنن
بەم رەژگارە کوردستانم
بەناپاەم دەسووتەنن
هەروا جەستەی رەەەی کوردە

لەنێو ئاگرا گیان دەدات
جامانی پیاو
دەرپێی ژنان
بەدەم باوە سەما دەکات
میرەکانمان
بە دەنگ و سەنگ
لەپێشوازی شای عوسمانی و
ئاغای ئێرانی چاوبازن
تەماشاکە سنگی باکور
لەپێناوی جەرگی باشوور
خەڵتان خوێنە
هێشتا دەکرێن بەتیرێریست
لەنێو دێی واری خەیان
بەدەردەنرێن
قەندیل سەنگەری ئابووو
بەکابووە و
ئەفغانستانی دەچوێنن
دەیانووە
بیکەنە سەحرای عەرەرو
نوگرە سەلمان
دەستی جەندرمەکان دەگرن
لەگەڵ ژەهری کەنە قینا
ئێنفالێك دی
دەکەن بەدیاری کوردستان

ستار ئەحمەد

وانەی ژینگە … عەلی حەمەشید بەرزنجی

ڕۆژێک مامۆستای زانست
لە باخچەی قوتابخانە

باسی ژینگەی بە کـــــــردین
بوو بـــــــــە خەشترین وانە
لـــــەنەو چیمەنی ســـــــەوز و
گوڵی بەنخـــــــەش و جـــواندا
گشت دانیشتبووین لـــــــە ژێر
ســـەبەری دارەکـــــــــاندا
چەندە خەش بوو مـــــامەستا
وەک هـــــــاوەڵێکی شیرین
وانەکـــەی دەوتـــــــــــەوە
دەم بـــــەخەندە وپێکەنین
باسی ژینگەی بـــــــە کردین
ئەمەش بەشدار بووین هەموو
بـــــە چـــــــالاکی نواندن
وانەکە خەشتر بـــــوو بـــــوو
لـــــــە کەتایی وانـــــــەکە
خەی شوێنکی دیـــــــاری کرد
ئەو نەمامـــــــــەی هەنابووی
هـــــــات ەواندی دەست و برد
ئەمـــــــــەش بە ەەژی دواتر
بـــــــــــەدەی پێ هیواوە
سەر و نەمـــــاممـــان ەواند
لای ئەوەی مامـــــــــەستاوە
١٧/١/٢٠٢٠